وەزیری بەرگری عێراق داوا دەکات دەسیپڵی سەرگەران و ئەو ناوچانەی لەسوپا وەربگیرێتەوە و بدرێتەوە وەزارەتی ناوخۆ

کاروان یاروەیس ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران،ئەمڕۆ سەشەممە رایگەیاند، وەزیری بەرگری عێراق داوای لە سەرۆک وەزیران کردووە دەسیپڵی سەرگەران و ئەو ناوچانەی لەسوپا وەربگیرێتەوە و بدرێتەوە وەزارەتی ناوخۆ.

یاروەیس لەو هەژماری تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك نوسیویەتی، وەزیری بەرگری نیگەرانە لە روداوەکانی سەرگەران"، دەشڵێت، "ئەو زەوی و زارانەی بۆیاری دادگایان لەسەرە جارێ ئیشکردن تێیاندا دەوەستێت، بەڵام زەوی و زارەکانی دیکەی جوتیاران دەتوانن بیکێڵن".

وتیشی"ئەمڕۆ وەزیری بەرگری عێراق قسەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق کردووە و داوایلیکردووە کە دەسیپڵی سەرگەران و ئەو ناوچانەی لەسوپا وەربگیرێتەوە و بدرێتەوە وەزارەتی ناوخۆ".

راشیگەیاندوە، "وەزیری بەرگری نیگەرانەی لەوەی بەهۆی روداوەکانی سەرگەرانەوە،

بەخراپی ناوی سوپا دەهێنرێت و ئەو فشارانەی لە بەغدا کراونەتە سەریان داوای بانگکردنی بۆ پەرلەمانی عێراق دەکرێت".

کاروان یاروەیس دەشێت، "ئەو زەوی و زارانەی بۆیاری دادگایان لەسەرە جارێ ئیشکردن تیاندا دەوەستێت، بەڵام زەوی و زارەکانی دیکەی جوتیاران دەتوانن بیکێلن".

باسی لەوەشکرد، "ئەمڕۆ لەسەرگەران، فراکسیۆنی یەکێتی ئامادەنەبون پێشوازی لە فەرماندەی فیرقەی هەشت بکەن، بەهۆی نیگەرانی جوتیاران و هەڵسوکەوتی نەشیاوی سوپا لە ناوچەکەدا".